ResearchGate

See discussions, stats, and author profiles for this publication at: https://www.researchgate.net/publication/357576470

# یار لە دیدی دوو هونەردا نالی و پیکاسۆ بەنموونە

**Article** · January 2022

CITATIONS
0

READS
29

1 author:

ارخوان محمد
Kirkuk University

**5** PUBLICATIONS **0** CITATIONS

SEE PROFILE

**Some of the authors of this publication are also working on these related projects:**

Project یار لە دیدی دوو هونەردا نالی وپیکاسۆ بەنموونە View project

All content following this page was uploaded by ارخوان محمد on 05 January 2022.

The user has requested enhancement of the downloaded file.

# یارلە دیدی هونەرمەند و شاعیردا
# (نالی وپیکاسۆ) بە نموونە

نووسيني : ئەرخەوان موحەمەد عوبێد

## پوختە

(یار لە دیدی هونەرمەند وشاعیردا-نالی وپیکاسۆ بەنموونە) لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەیی شیکارییە بۆ هونەری شێوەکاری و شعیر، شیعرێکی نالی کە، بۆ حەبیبەی گوتووە و دوو تابلۆ کە، پیکاسۆ بۆ دۆستەکانی کێشاوە کەرەسەی کاری ئەم لێکۆڵینەوەیەن.

لێکۆڵینەوەکە دابەشی دوو تەوەری سەرکی کراوە، تەوەری یەکەم تایبەتە بە جوانی یار وەک پێوەری ئەفراندن لە هونەردا ولەرێگای چەن پرسێکی فەلسەفییەوە بابەتەکە تاوتوێ کراوە، لە تەوەری دووەمیشدا بەپێی تیۆری سایکۆبایلوجی (فیتز)ولاَمدانەوەی چەند وەرگرێک و چۆنێیەتی کردنەوەی کۆدە دیجتاڵی و ئەنەلۆگییەکان بۆ هەردوو هونەرەکە شرۆڤەکراوە. گرنگترین ئەو بۆچوونانەی کە لەبارەی؛ (جوانی هونەر ورۆڵی سۆز لەچێژی هونەری، چۆنێیەتی وەرگرتنی هونەرەکان لەلای وەرگری کورد، چۆنێیەتی کردنەوەی کۆدەکان و کاری مێشکی وەرگر) پێیگەیشتووین لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکدا لە چەند خاڵێکدا خراونەتە روو.

وشەی کلیلی باسەکە: شیعر ، هونەر ، جوانیناسی ، نالی ، پیکاسۆ، فیتز.

## پێشەکی

هونەر یەکێکە لە رێگاکانی گوزارشت کردن لە هەست و سۆزو بینینی مرۆڤ، هەروەها رادەی بەرەوپێشچوونی هزر و گۆڕانی بیرکردنەوەی مرۆڤایەتی پێ دەپێورێ.

پاڵنەرەکانی ئەفراندنی هونەر زۆرن و لەگەڵ دروست بوونی هونەردا ئەو رەگەزە پاڵنەرانە زیادبوونە، یەکێک لەو پاڵنەرانە(ئافرەتە)، هەموو کەیانی ئافرەت هۆکارە، پاڵنەرە و ئیلهام بەخشە بۆ هونەرمەند، هونەرمەندیش لە چوار چێوەی وێنەدا بەر جستەی دەکات، بۆیە لەم باسەدا دەرکەوتنی ئافرەت لە فۆرمی (یار)دا جێگای سەرنجدان ووردبوونەوەیە لە نێوان دەقێکی (نالی ) شاعیر، کە بۆ حەبیبەی گوتووە و دوو تابلۆی (پیکاسۆ)، کە بۆ دۆستەکانی کێشاوە. لای (پیکاسۆ) دوو تابلۆ وەرگیراوە، تاوەکوو لە رێگای هەردوو تابلۆکەوە خوێندنەوەیەکی تەواوکاری بکرێت و رەهەندەی جیاواز بۆ بەرامبەر کردنی شیعرەکە و تابلۆکان دروست بێت.

له ئەدەبیاتی جیهانیدا پێوەندی نێوان هونەرەکان و بە تایبەتی شیعر و وێنە بەهۆی نزیکیان لە یەکتر کاری زۆری لەسەر کراوە، بەڵام لەئەدەبیاتی کوردیدا ئەو جۆرە لێکۆڵینەوانە کەمترە و ئەو شیعرەی (نالی)و تابلۆکانی (پیکاسۆ) کاری لەسەر نەکراوە، بۆیە لێرەدا تیشکی خراوەتە سەرو بە پێویستمان زانی ئەم جۆرە بابەتانە لە نێو ئەدەبیاتی کوردیدا بوونی هەبێت، چەقی بابەتەکەش جوانی و ناشیرینی ئافرەت و رۆڵی وێنەی (یار)ە لە داهێنانی هونەریدا و کاریگەرییەکانیەتی لەسەر شێوازی دەربڕین و ونزیکبوونەوەی هونەرەکان و لە ئەنجامدا ئەو بەها و چێژەی، کە بەرهەمەکان هەیانە لە رێگای خوێندنەوەی وەرگرەکانەوە دەستنیشان دەکرێ. بۆ ئەم مەبەستە باسەکە دابەشی سەر دوو تەوەری سەرەکیی کراوە، یەکەمیان تایبەتە بە جوانی یار وەک پێوەرێکی ئەفراندن لە هونەردا و لە رێگای چەند خاڵێکەوە گۆشەی بینینی یار و جوانی یار لە رووە فەلسەفییەکەوە تاوتوێ کراوە و تەوەری دووەم هەڵسەنگاندن و خوێندنەوە بۆ ئەو هونەرانە لە رێگای وەرگرەکانەوە کراوە. وەکوو پەیڕەویش لەتەوەری یەکەمدا بۆ شرۆڤەکردن پشت بە میتۆدی شیکاری بەستراوە و لەتەوەری دووەمیش تیۆری (فیتز)،کە تیۆرێکی سایکۆبایلۆجییە مامەڵە لەکەڵ کۆدو جۆری زانیاریەکاندا دەکات، لە هەڵسەنگاندنی بۆچوونی وەرگرەکان بەکار هاتووە. پوختەی ئەو بابەتانەی کە باسەکە پێی گەیشتووە لە ئەنجامدا خراوەتە روو.

## تەوەری یەکەم: جوانی یار وەک پێوەری ئەفراندن لە هونەردا

وێنە خاڵی هاوبەشی نێوان شیعر و وێنەکێشانە و هۆکاری سەرەکیی نزیکیی ئەم دوو هونەرەیە. هەر لەکۆنەوە درک بەم نزیکی و پێوەندییەی نێوان ئەم دوو هونەرە کراوە و بە شێوازی جۆراوجۆر باسی کراوە. (سیموندس کیوس)(٥٥٦-٤٦٨)ی یۆنانی یەکەم کە س بووە، کە ئاماژەی بە پێوەندی نێوان شیعرو وێنەکێشان داوە و گوتویەتی: (هونراوە وێنەیەکە قسەدەکات و وێنەش شیعرێکی بێ دەنگە)(١)، هەروەها(لیۆناردۆ داڤنشی)گوتویەتی:(وێنە شیعرێکە دەبینرێ و نابیسترێ، بەڵام شیعر وێنەیەکە دەبیسترێ و نابینرێ). (٢)

لەسەر بنەمای نزیکی نێوان ئەم دوو هونەرە دەقەکەی(نالی)و دوو تابلۆکەی (پیکاسۆ)لە تەرازوی بەراوردی هونەریدا دادەنەین،ئەم جۆرە بەراوردەش لە قوتابخانەی بەراوردی ئەمریکیدا ریگەپێدراوە، بێگومان(نالی)شاعیرێکی کوردی سەدەی‌نۆزدەیەو یەکێکەلە لەرابەرەکانی شیعری کلاسیکی کوردیو (پیکاسۆ)ش هونەرمەندێکی وێنەکێشی سەدەی بیستەمەو سەربەقوتابخانە نوێیەکانی هونەری وێنەکێشانە، لێرەدا پرسیار ئەوەیە بۆ ئەم دووانە؟

بیروڕایەکی زۆر هەیە لە بارەی نزیکی نێوان هونەری شیعر و وێنەکێشان وپێیان وایە ئەم نزیکیە لە قوتابخانەی ڕۆمانتێکی و ئینتباعیدا زۆرتر دەبینرێ، بۆ نموونە (دیلا کروا)، کە یەکێک بووە لە بەناوبانگترین هونەرمەندەکانی ڕۆمانتیک کۆمەڵێک کاری ئەدەبی شکسپیر و سێروالتەر سکۆت و گۆتەی وێنە کردوە) (٣)، بەڵام (نالی وپیکاسۆ )لە هەموو وردەکاریەکانی ژیانیاندا جیاوازن لە دوو قوتابخانەی جیاوازی هونەریدا کاریان کردوە و هیچ خاڵێکی پێوەندی ڕاستەوخۆ لە نێوانیاندا نیە! ئەوەی لەم باسەدا ئەم دوو هونەرمەندە کۆدەکاتەوە سەرەڕای جیاوازیەکانیان هونەرە، روحی هونەر لە ڕێگای وێنەی ئافرەتەوە لە بەرهەمەکانی (نالی و پیکاسۆ)دا بەرجستە دەبێت. لەم تەوەردا بەرجەستە بوونی بیر و توانا لە قاڵبێکی هونەریدا جێگای گفتوگۆ و وردبوونەوەمان دەبێت.

دەقی شیعرەکەی نالی:

پێم دەڵێن:مەحبووبەخێل و قیچە، مەیلی شەڕ دەکا

خێل و قیچە، یا تەرازوی نازی نەختێ سەردەکا

خێل و قیچە، یا بەغەمزە بۆ نیشانەی دڵ بەچاو

مەیلی راست هاوێتنی موژگانی دڵ پەی کەر دەکا

چاوی هەم رەنگی گوڵی، مەستی شەو رۆژن مەدام

یەک لە نە شگوفتەی بەنخشە، یەک لە نیلۆڤەر دەکا

عەکسی چاو تۆ لەچاویدا بەخواری تێدەگەی

کەچ نەظەر کەی فەرقی خوارو ژوور، خێرو شەڕدەکا

هەرکەسی نوقصانی رووی باوێتە سەر رووی ئاینە

شاهیدی هەرچەندە رای العین ە کێ باوەر دەکا

کاتبی خێرو شەڕی عوشاقە بۆ وصل و فیراق

لوتف وقەهری هەر بەجارێ سەیری دوو دەفتەر دەکا

نالی ئەم وحشی غەزالە کەس ئەبرداوی نەکەوت

چونکە شاهێنی دوو چاوی تیژە دایم سەر دەکا (٤)

ئەم دەقە(نالی) بۆ خۆشەویستە (مالیاوا)یەکەی نووسیوە((مەشهوریشە حەبیبەی یاری نالی خێڵ بووە))(٥)، ئەو یارەی کە تائێستا هەموو زانیاریەکان لەبارەیەوە لە چوارچێوەی گێڕانەوە و بۆچووندان و باشترین بەڵگە بۆ ئەوقسانەی کە لە بارەی نالی وحبیبەوە دەگوترێ خودی شیعرەکانە، بەڵام تابلۆی ژمارە (یەکی) (پیکاسۆ)، وێنەی (ثیۆدۆرا مارکۆفیتش)ە، ناسراوە بە (دۆرامارا)و ئەم ئافرەتە (دە) ساڵ دۆستی پیکاسۆ بووە و بەڕەگەز فەرەنسیەو وێنەگرو شاعریش بووەو دەڵێن زۆر جوانیش بووە و تابلۆی ژمارە  دووش وێنەی (ماری ترێز)ە ئافرەتێکی وەرزش کاربووە و ئەویش دۆستی پیکاسۆ بووە بڕوانە تابلۆکانی ژمارە (١و ٢)،(٦)

تابلۆی یەک(دۆرا مارا)



تابلۆی دووەم(ماری ترێز)



ئەو خزمەتەی کە ئەم بەرهەمانەی(نالی و پیکاسۆ) بەرامبەر بە بیرکردنەوەی مرۆڤ کردویانەو پاڵنەری هونەری‌و جوانی بەرهەمەکان لەرێگای چەند خاڵێکەوە دەخەینە روو.

**-یەکەم: رێژەبوونی جوانی لەفەلسەفەدا.**

 لە لای مرۆڤەکان جوانبینی بابەتێکی خودییە وچەقێکی گۆڕاوە وەستاو نییە، بۆیە دکرێ بپرسین؛ ئایە جوانی رێژەییە وەک چۆن لەفەلسەفەدا باسی لێوەکراوە؟

لەبارەی جوانییەوە دوو بۆ چوون هەیە((یەکێکیان زاتیە کەدەڵێ ئەم خاسیەتانە لە وشتەدا نییە، بەڵکوو ئێمە پێی دەبخشین و دووەمیش ئەڵێ ئەو جوانییە لەوشتە جوانەدا هەیەو هیگڵ وتەنێ ئێمە هەبین و نەبین هەستی پێ بکەین و نەکەین پەڕی تاوس جوانەو گوڵ دڵگیر و جوانە )) (٧)

نالی دەڵێ ((پێم دەڵێن مەحبووبە خێل و قیچە......)) واتا هاتووە بەپێی فۆنۆسەنترالیزم لەڕێگای بیستنەوە رایدەگەیەنێ کەپێی گوتراوە حەبیبە خێل و ناشرینە، واتا عەقڵی (نالی) قسەناکات، خەڵک بڕیاری ناشرینییان لەسەر چاوی حەبیبە دەرکردوە، بەڵام (نالی ) لە هەموو دێڕەکاندا دەیەوێت ئەو قسەیە رەتبکاتەوە، جوانییەکانی چاوی حبیبە و (حبیبە)ی نالی پیشانی خەڵک بدات، جا ئەگەر جوانی سیفەتێک بێت و لە شتەکاندا بێت. ئەی بۆ خەڵک حەبیبەیان لا ناشیرینە و نالی بەجوان دەیبینێ ؟ ئایە نالی دەیەوێ خەڵک بە هەڵەدا بەرێ ؟ یان لە هونەردا جوانیەک هەیە پەیوەستە بە سۆزی مرۆڤەکانەوە.

لەلای (پیکاسۆ)ش لە تابلۆی (١و٢) دا زانیاریەکان باسی جوانی ئەو دوو ئافرەتەیان کردووە، بەڵام پیکاسۆ جوانییەکە لە ریگای بینینی خۆیەوە دەگوازێتەوە، واتە؛ جوانییە راستەقینەکە دەشێوێنێ، ئەگەر سەرنجی وێنەکانی پیکاسۆ بدەیت، چاو لە هەردوو تابلۆکە دا جێگای تێرامانە، چونگە ئەو ئافرەتانە چاویان خێل نییە، کەچی لە دوو ئاستی جیاوازدا و لەچوارچێوەی وێنەیەکی کەرتکراودا، کە لە دوو بەش یان زیاتر پێک دێت وێنایانی کردووە. ئەم دوو تابلۆیەی پیکاسۆ لەلای هەوادارانی هونەری وێنەکێشان و لای وێنەکێشانی قوتابخانەی شەشپاڵوخوازی (تەکعیبی)و سوریالی ترۆپکی جوانییە و وێنەکان بە هزاران ملیۆن دۆلار دەفرۆشرێت، کەچی لای مرۆڤێکی ئاسایی وێنەکان جوان نین.

واتا (پیکاسۆ)ش نەیتوانی جوانیەکی رەها بگەیێنێت و هەروەک چۆن کەهەمووخەڵک رازین کە گوڵی سور جوانە بە هەمان شێوە بڵێن وێنەکانی (پیکاسۆ)ش جوانە.

(نیچە)ە پێی وابوو دەبێ (شتەکان بە پێوەری جوانی نەک پێوەری ئاکاری بپێورێ وتەماشای شتەکان بکرێن لەرێگای جوانییەکەیەوە نەک سوودو پاکیزەیی) (٨)

بە پێی ئەم قسەیەی (نیچە) بێت، نالی لەرێگای ئاکارەوە جوانی دەبینێ نەک خودی جوانی، چونکە وەفاو خۆشەویستی نالی بۆ حەبیبە وادەکات نالی بڵێت ((خێل و قیچە یا رازوی نازی نەختێ سەر دەکات )) ناز جوانییە بۆ ئافرەت، بەڵام خودی جوانی نییە. خێل و قیچەکەی حەبیبە بە ناز دادەنێت، جوانیەکەی لە نازەوە وەرگرتووە و بەخێلیەکەی بەخشیوە، کەچی (پیکاسۆ) چاوی دۆستەکانی لە جوانییە ڕاستەقینەکە دوور دەکاتەوەو لەرێگای هونەرەوە جوانی پێ بەخشیون، هەرچاوێک جوانیەکی پێ بەخشیوە، چاوێکی خەواڵۆ وچاوێکی گەش و هەر چاوێک لەگۆشەیەکی بینینەوە وێنەکێشراون، واتا پیکاسۆ جوانی لە گۆشە جیاوازەکاندا بینیوە.

(پیکاسۆ) لە ڕێگای جوانییەوە دەیەوێ باسی گۆشەی بینینی مرۆڤەکان و بابەتە ئاکاری و ڕەوشتییەکان بکات، کەچی (نالی) لەڕێگای ئاکارەوە بۆ جوانی دەچێت و دەیەوێ هونەر بەکاربهێنێ بۆ پێشاندانی جوانی.

(نالی و پیکاسۆ) لە ڕێگای هەردوو هونەرەکەوە ڕێژەییی بوونی جوانیمان بۆ دووپاتدەکەنەوە، لەهەمان کاتدا ئەم دوو هونەرمەندە لە ڕێگای هونەرەوە یەک وێنەمان بۆ دەکێشن ئەویش وێنەی (ناڕاستی)یە، چونکە نە(نالی)ونە(پیکاسۆ) واقیعی ڕاستەقینەی یارەکانیان ناگوازنەوە، بەڵکو واقیعیان شێواندوە بەپیی بینینی خۆیان و لەڕێگای شێواندنی واقیعەوە جوانییان دروست کردووە.

ئەو جوانیەی کە (نالی و پیکاسۆ) بەرهەمی دێنن لەوەدا یەکدەگرنەوە، کە بەرهەمی هەست وبیری پەنگخواردووی مرۆڤی هونەرمەندن، یەکێکیان لە ڕێگای زمانەوە ئەوەی دیکە لە ڕێگای ڕەنگەوە جوانییان لە قاڵب گرتووەو لە ڕێگای هەردوو هونەرەکەوە دەیسەلمێنن کە چەمکی جوانی ڕهابوونی نییە.

**دووەم/مەبەست لای هونەرمەند.**

لە کردەی داهێنانی هونەریدا بابەتێکی بنەڕەتی هەیە، ئەویش ئامانجی کردەکەیە ومەبەست ویستی داهێنەرەکەیە و ئایە هونەرمەند لە کاری هونەریدا دەیەوێ چی بکات وچی بڵێ؟

شاعیر و وێنەکێش هونەر بەرهەم دێنن ئامانجەکە دەشێ یەک ئامانج بێت، ئەویش لە لایەک بەتاڵ کردنەوەی ناخی خۆیان و لە لایەکی دیکەش بابەتێک (جوان،ناشیرین) پیشانی بەرامبەر دەدەن، بەڵام ئەوەی جیاوازە چۆنیەتی کارکردنەکەیە (شاعیرکاتێک شیعرێک دەنووسێ هەوڵدەدا شتەکان بەپێی ئەوەی(دەبێ چۆن بن)نیشان بدات، بەڵام وێنەکێش هەوڵدەدا جوانی شتەکان بسەپێنێ وجەختی لەسەر بکاتەوەو پشت ڕاستیان بکات ) (٩) لە لای نالی جوانی ئەوە یە (حەبیبە )جوان نیشان بدات و دەسەڵاتی هونەری خۆی بەسەر هونەر دا بسەپێنێ بۆیە،

-خێلی و قیچی حەبیبە دەکا بەناز

- چاوە مەیلەو داخراوەکەی حەبیبە دەکا بەچاوی ئەو راوچیەی، کە خۆی ئامادەکردووە بۆ پێکانی نێچیر.

_چاوی خەوالۆ وگەشی حەبیبە دەکا بە گوڵی شەو و ڕۆژ و لای (نالی) چاوی حەبیبە ئاوێنەیە پەرییە و دەیەوێ ئەوجوانیەی کەئەو دەیبینی خەڵکیش هەموو بیبینن.

له لای (پیکاسۆ) ئەگەر وردبینەوە لەتابلۆکان، دەبێ نهێنیەکانی جوانی لە قوڵایی دەروون و فە لسەفەوە بدۆزینەوە، هەردوو تابلۆکەی (پیکاسۆ) لەوتابلۆیانەن کەسەربە قوتابخانەی تەکعیبین (تابلۆی تەکعیبی شتێکی دیاری کراو و هەست پێکراو لە واقیعدا وێنە ناکات، بەڵکو درک کردن بە شتەکە وێنە دەکات) (١٠)

له تابلۆکەی (دۆ رامارا)دا رەنگی زەرد و سەوز و سورێکی ئاڵ لە دەموچاوەکەدا بەکارهاتووە، هەریەکێک لەو رەنگانە یارمەتی درککردن بە بەشێک لە کەسیەتی ئافرەتێکی شاعیر دەدەن، زەرد راڕای و خەم و ئازار و بیرکردنەوە، سەوز خۆشەویستی ژیانە و سورەکە جوانی و ناسکی و شەرم پیشان دەدەن، بونی گوشە و خەتە ڕاست و چەوتەکان و شێوە ئەندازەییەکان لە وێنەکەدا دەرگا والا دەکات بەرامبەر بەلێکاندانەوە و تێگەیشتن لەگۆشە جیاوازەکانی بینینی ئافرەت. بەهەمان شێوە وێنەکەی (ماری ترێز)یش دەموچاوی شین و لێوی زەرد و قژی سەوز باسی کەسێتی ئەو وەرزەش کارە دەکات، وەرزش کەسێتی (ماری ترێز) هێمن دەکات و ژیانەوەو بیرکردنەوە جۆش دەدات، واتا لە تابلۆکاندا پیکاسۆ چەندین ساتی جوانی لەچەندگرتەیەکدا پیکەوە لە گشتێکدا کۆکردۆتەوە.

(نالی) بەش بەش جوانیەکانی حەبیبە وێنە دەکات لەرێگای دیدی خۆیەوە ڕێگای جوانییمان نیشاندەدات پێمان دەڵێ چۆن دەبێ جوانی ببینین، پیکاسۆش لەرێگای گشتێکەوە دەتبات بۆ قوڵایی گەڕان بەدوایی ساتەکانی جوانیدا، جوانی پشت ڕاست دەکاتەوە و جەختی لە سەر دەکا، بەڵام (نالی) ناتوانی چێژی جوانی وڕێگای بینی جوانی بەهەموو کەس بگەیێ و پیکاسۆش ناتوانی قەناعەت بەهەمووان بکات، کەتابلۆکانی ساتەکانی جوانی و ناشیرینی دۆستەکانیەتی، تەنانەت قسەیەکی هەیە گوایە، خودی (دۆرامارا ) لە هیچ تابلۆیەکی پیکاسۆ کەوێنەی ئەوی تیاکێشراوە ڕازی نەبووە وگوتویەتی ئەوە من نیم. ئەوەکەسایەتیەکی نێوتابلۆکانی پیکاسۆیە. ئەوەی نالی و پیکاسۆ کردویان ئەوەیە: هەر دوو هونەرمەند هەوڵیانداوە (ئێمە)یەک بۆ خۆیان دروست بکەن لە رێگای هونەرەکەیانەوە بۆشایی (من)ی تەنهای هونەرمەندی پێ پڕ بکە نەوە، لە ئەنجامیشدا (نالی) و هاوبیرەکانی نالی لە ڕێگای رەوانبێژیەوە لە جوانی حەبیبە تێدەگەن وپیکاسۆ و هاوبیرەکانی پیکاسۆ لە رێگای هێڵ و شێوە ئەندازەیەیی ورەنگەکانەوە لەجوانی تابلۆکان تێدەگەن.

**سێیەم: نزیکی شاعیر وهونەرمەند**

نزیکیی نێوان شاعیر و هونەرمەند لە بابەتە هاوبەشەکانی نێوانیانەوە دەست پێ دەکات، بوونی یار لە ژیانی هەردوو داهێنەردا خاڵی دەستپێکە بۆ دەست نیشانکردنی سەرە داوی نزیکیەکە. بوونی یار لە ژیاندا داینەمۆی هەبوونی سۆز و ئەندێشەیە، سۆز

و ئەنێشە لای هونەرمەند پاڵنەری داهێنانن، بۆیە دەتوانین بپرسین ئایە شاعیرو وێنەکێش لە ئەفراندنی وێنەی یاردا لەیەک نزیکن و ئەو سۆز و ئەندێشەیەی، کە بۆ یار هەیانە لە بەرهەمەکاندا خۆیان دووبارە دەکەنەوە؟

هونەر و بەهرە هۆکاری نزیکی شاعیر و وێنەکێشن، هەر دووکیان لە (زۆرلایەنەوە لێک نزیکن و چونیەکن، بەتایبەتی ئەو مەودا دەروونیەی، کە هونەرمەند دروست دەکات و ئەو توانا دەروونیانەی کەلای هونەرمەندی داهێنەر هەیە و بنەمای داهێنانە و دواتر بەجوانترین شێوە لەبەرهەمەکاندا (شیعر و وێنە) بەرجەستە دەبێت ) (١١)، واتا (نالی و پیکاسۆ) بە پرۆسیسێکی دەروونی و ئەزمونێکی خۆشەویستی وبەنێو بۆشایی جوانیدا تێپەر بوونە و لەلای یەکێکیان بووە بە پاڵنەری تابلۆکێشانی یار و لەلای ئەویتر شعیرنووسین بۆ یار. لەبابەتەکی ئێمەدا (یار) چەقی کارەکەی (پیکاسۆ و نالی )یە، چەمکی یار لەلای مرۆڤ دوو لایەن دەگرێتەوە، یەکەمیان پەیوەستە بە جوانی یارەوە و دووەمیش بە لایەنی ئاکاری و دەروونی و کۆمەڵایەتی یارەوە، یار بەهەر دوو لایەنەکەوەی پاڵنەری کردەی داهێنانە لای پیکاسۆ و نالی ئەمەش وادەکات (پیکاسۆ و نالی ) لە یەک نزیک بن، چونکە هەردووک مرۆڤن و یار کاریگیەری لە دڵ و دەروون و بیرکردنەوەیان دەکات و نا جێگیری لە دۆخی هاوسەنگی دەروونیان روودەدات، سەرنجام دەبێتە پالنەری ئەفراندن، بەڵام ئەفراندنەکە بەدوو کەرسەی جیاواز و بە دوو فلتەری جیاوازی بیرکردنەوەدا تیپەر دەبێت.

چاوی یار بابەتێکی سەرنج راکێشە و توخمە بۆ شعیرەکەی نالی وتابلۆکانی پیکاسۆ. (نالی) شیعرەکەی بۆ چاوی حەبیبە گوتووە، لە وێنەکانی پیکاسۆشدا چاو سەنتەری تابلۆکانی بۆ لای خۆی راکێشاوە، گرنگی دان بەچاو لای هونەرمەندەکان لە دوو لاوە سەرچاوە دەگرێ، یەکەمیان خودی گرنگی چاوە بۆ مرۆڤ، دووەمیان ئەرکی چاوە وەکوو کەناڵێکی پێوەندی لە نێوان داهێنەر و بەرامبەردا. هونەرمەند (کاتێک هێڵەکان لە سەر کاغەز دەنووسێ یان دەکێشی زۆرجار ئەو هێڵانە دۆخێکی تایبەت بە خودی هونەرمەند بەرجەستە دەکات....... هەروەها چۆن هەموو نووسەرێک پەرە بەشێوازی نووسینی تایبەتی خۆی دەدات، وێنەکێشیش پەرە بەشێوازی مامەڵەی لە گەڵ هێڵەکاندا دەدات ) (١٢) واتە؛نزیکی دۆخی دەروونی پێش کردەی بەرهەم هێنان لە لای شاعیر و وێنە کێش دواجار وەکوو پەرچەکردار لە بینینی شتەکاندا رەنگدەداتەوە وکاریگەری لە سەر شێوازی دەربڕینی هونەرمەندەکان دەبێت.ئێمە لە بەرامبەر دوو بەرهەمین، یەکێکیان نووسینە ئەوەیتر کێشانی هێڵەکانە، نالی لە باسی حەبیبەدا گوتویەتی:

_کاتبی خێرو شەڕی عوششاقە، بۆ وەصڵ و فیراق

لوطف و قەهری هەر بە جارێ سەیری دوو دەفتەر دەکا.

بەپێی لێکدانەوەی (مەلا عەبدولکەریم مودەرس)بێت چاوەکانی حەبیبە بەو دوو فریشتەیە دەچێت، کە کاریان تۆمارکردنی چاکەو خراپەی مرۆڤەکانەو بەپێی ئەو دەفتەرەی، کە ئەوان دەینووسن مرۆڤ یان بۆ دۆزەخ یان بۆ بەهەشت دەچێت. چاوەکانی حەبیبەش بەجارێ تەماشای دەفتەری بێگەیشتن (وەصل) و دەفتەری دابڕان (فیراق) دەکەن، بۆیە یەکێکیان خێڵە و ئەوی دیکە ساغە. نالی چاوە خێڵەکەی حەبیبەی کردووە بە بەهانە بۆ ئەوەی باسی کەسایەتی دوو لا یەنەی مرۆڤ و دیدی جیاواز و وەصل و فیراق بکات.

هونەری پێچان و کردنەوە (لف و نشر ) لە دوانەی (خێر و شەڕ  وەصل و فیراق) جوانی و هارمۆنی بە دەقەکە بەخشیوە. وەصل نزیکی بەرجستە دەکاتە و فیراق رەهندی دووری بەرجەستە دەکات، هەروەها تەمەشاکردنی دوو دەفتەر بینینی  دوو رەهەندی جیاواز دەگرێتەوە، لە لایەک باسی سروشتی دژیەکی مرۆڤ دەکات و لە لایەک تواناکانی چاوی حەبیبە بەرجەستەدەکات.

بەهەمان شێوەی (نالی) (پیکاسۆ)ش لە تابلۆکەی (دۆرامارا )دا لەدوو گۆشەی جیاوازەوە  وێنا دەکات. لە تابلۆکەدا (پیکاسۆ )لە رێگای بەکارهێنانی رەنگی (کرۆماتیChromatie واتارەنگی چڕ و رەنگی ناکرۆماتیAchromate واتا ڕەنگێ کە بەهۆی رەنگی سپییەوە چڕیە کەی کەم بۆتەوە) (١٣)  لە دوو دۆخدا (دۆرامارا )وێنە دەکات، ئەگەر وردبینەوە لە تابلۆکە دەبینین هێڵێکی سپی لە سەر لێوەکانەوە تا نێوچەوانی ئافرەتەکە بەرزبۆتەوە، دەمووچاوی دۆرامارای دابەش کردووە بۆ دوو بەش لەهەر بەشێکدا چاوێک هەیە بە گرتەیەکی جیاوازەوە، واتە دەمووچاوەکە دابەش بووە بەسەر دوو گۆشەدا. یەکەمیان نزیکتر و لە پێشترە بۆ چاوی بینەر (وەصل)ە، ئەم لایەیی دەموچاوی (دورا) رەنگی گەرمی بەسەردا زاڵە، (رەنگی گەرم ئەو رەنگانەیەکە لەنزیک رەنگی سورەوە دێن لە ریز بەندی ڕەنگەکانی پەلکە زێرینە و رەنگی ساردیش ئەورەنگانەیە، کە لە تەنیشت رەنگی شینەوەن و رەنگی گەرم بەوە ناسراوە، کە نزیکترە لەچاوی بینەرەوە و وەک رەنگی سارد) (١٤) (پیکاسۆ )لەم لایەدا رەنگی رەشی قژەکە و ئەو سورە ناکرۆماتیە، کە لە کوڵمەکەدا بەکاری هێناوە و هەروەها رەنگ و گۆشەی بینینی چاوەکەش هەموویان پێکەوە (دورامارا) لە دۆخی بیرکردنەوەدا وێنادەکەن. بەشی دووەمی  دەموچاوەکەش، کە دەکاتە لای چەپی هێڵە سپییەکە، دوورترە لە چاوی بینەرو (فیراق)ە و دەشێ دوو لێکدانەوەی بۆ بکرێت، یەکەمیان پەیوەست بکرێت بە چاوەکەوەو لەرێگایەوە دوور بینین  بخرێتە پاڵ کەسایەتی (دورا)ەوە،  دووەمیش لەڕێگای فۆرمی دەموچاوەکەوە دۆخی ئاوڕدنەوە لە ڕابردووو و لە ژیان شرۆڤە بکرێت.

ئەگەر تەماشای فۆرمی جەستەکە بکەین لە گەڵ شێوازی دەموچاوەکە دەبینین هارمۆنی هەیە لە نێوان لای چەپی جەستەکە ولای ڕاستی دەموچاوەکە، کە هەردووکیان لە پێشترەو زەقتر وێنە کراون، بەڵام لای راستی جەستەکە لە گەڵ لای چەپی دەموچاوەکە ڕەهەندی دووریان وەرگرتووە، واتا (لەف ونشرێک) پێچان و کردنەوەیەک کراوە بەلای راست ولای چەپی تابلۆکە، دەموچاوەکە دوو گرتەیە و دابەشی دوو گرتەی جەستەکە کراوە و لەم وێنەیەدا دۆستەکەی (پیکاسۆ) تەماشای دوو لا دەکات هەروەک چۆن حەبیبەی نالیش تەماشای دوو دەفتەر دەکا. بوونی دووگرتەی جیاواز لە هەردوو وێنەدا پەیوەستە بە پاڵنەری دەرونی پێش کردەی داهێنان و چۆنیەتی بیرکردنەوە لەکاتی داهێناندا و ئەو (وەصل و فیراق)ە ی لای نالی هەیە لە لای پیکاسۆ لە نزیکی و دووری بەشەکانی دەموچاوەکە بۆ چاوی وەرگر بەرجستە بووە و ئەو هارمۆنیەی لە پێچان و کردنەوەکەی (نالی)هەیە، لە لای پیکاسۆش لە دابەش بوونی دەموچاو و جەستەکدا بوونی هەیە. واتا یەکێک لە خاڵە هاوبەش وسەرنج راکێشەکانی هەردوو هونەرەکە لای (نالی)و(پیکاسۆ) بوونی هارمۆنیایە کە چاو وعەقلی وەرگر ئاڕاستە دەکەن ونزیکی نێوان هونەرەکان بەرجەستە دەکەن.

لە دێرێکی تردا (نالی) دەڵێ:

عەکسی چاوی تۆ لەچاویدا بەخواری تێدەگەی

کەچ نەظر کەی فەرقی خوارو ژوور و خێر و شەڕدەکا

لای (نالی) چاوی (حەبیبە) ئاوێنەیە و هەر کەسێک کەتەماشای دەکا خواری چاوی خۆی لەو ئاوێنەیەدا دەبینێت، واتا ئەوەی بەخواری لە شتەکان بڕوانی بەخواری دەیانبینی. لە وێنەکەی (ماری تریز)ی (پیکاسۆ)شدا، چاوی ڕاستی (ماری تریز) بەخواری وێنە کراوە، ئەمە پەیوەستە بە ڕەهەند و گۆشەی وێنەکەوە، بەڵام لە ئەنجامدا چاوێکی خوارە و بۆئەوەی بە ڕاستی چاوەکە ببینی دەبێ خواریەکە لە گۆشەی بینینی وێنەکەوە ڕاست بکەینەوە و پێکەوە وێنای بکەین. واتا لە هەر دوو دۆخدا لای (نالی ) و (پیکاسۆ) ئەگەر وەرگر بیەوێ چاوی حەبیبە و (ماری تریز) بەڕاستی ببینێ دەبێ خۆی بەدرووستی و بەڕاستی تەماشای وێنەکان بکا. قسەیەکی باو هەیە دەڵێ دیارترین شت کە قوتابخانەی تەکعیبی پێشکەشی کرد، گۆشەی بینینی نوێ بوو بۆ شتەکان جیاواز لەدیدو بۆچوونە کلاسیکیەکان، (نالی)یش لەسەردەمەکەی خۆیدا دیدو بۆچونێکی جیاوازی لەدیدە باوەکانی سەردەمەکەی بۆ جوانی پێشکەش کرد. ئەمەش وای کرد بۆ تێگەیشتن لە دێڕەکەی (نالی) وەرگر تەنها پێویستی بە لێکدانەوەی وشەکان نەبێ، بەڵکو کردەی وێناکردن بۆ گرتەکە بکا، تاکوو بەتەواوەتی لە مەبەستەکە بگات هەر وەک چۆن

له هونەرەکەی (پیکاسۆ)شدا پێویستە وەرگر خەیاڵ و توانای وێناکردنی هەبێ تاکوو مانا وتێگەیشتن بەرجەستە بکات.

خاڵێکی دیکەی هاوبەش لە نێوان (پیکاسۆ)و(نالی) ئەوبنەمایەیە، کە کاریان لەسەرکردوە ئەویش بەکارهێنانی هونەرە لەپێناوی پیشاندانی جوانی هونەرە، چونکە هەر دوو داهێنەر هەر یەکیان لە بواری خۆی زۆر بایەخیان بەتەکنیکە هونەریەکانیان داوەو هەوڵیان داوە تواناکانی خۆیان و دەسەڵاتە هونەریەکەیان پیشان بدەن، لە ئەنجامدا (یار) وەکوو یەکەیەکی سۆزداری لە قاڵبێکی هونەریدا بەرجەستەکراوە.

**ت٢/ دوو وێنە دوو هونەر لەدیدی وەرگرەوە.**

لە هاوکێشەی هونەر و ئەدەبدا وەرگر ئەو توخمەیە کە، بەهای بەرهەمە هونەری و ئەدەبییەکان دەستنیشان دەکات. هەروەها ئەوە (کۆمەڵی وەرگرە کە، نەمری بە بەرهەمی هونەری بەگشتی و ئەدەبی بەتایبەتی دەبەخشێ و دەیچەسپێنێ و بەردەوامی پێدەدات )(١٥)، بەهۆی گرنگی پێگەی وەرگر و رۆڵی لە پرۆسەی هونەرییدا لە چەن چاوپێکەوتن و راپرسیەکدا هەر دوو تابلۆکەی (پیکاسۆ)و شیعرەکەی (نالی )مان ئاراستەی چەندین وەرگری جیاواز کرد وهاوکات چەند پرسیارێکمان دەکرد کە بریتی بوو لە:

( ئایە یار لای (نالی) و (پیکاسۆ) بووەتە هۆی ئەفراندنی هونەر..؟ چاو لەهەردوو هونەردا بابەتی سەرنج راکێشن؟ (نالی)یارەکەی چاوی خوارە جوانی دەکا، پیکاسۆ پێچەوانەی ئەو چاوی یارەکانی لەیەک ئاستدا دانانێت و بەمەبەست دەموچاوەکە دەستکاری ئەکا. لە لای تۆ (یار)لای نالی بەهادارترە یا پیکاسۆ؟ بێگومان لە رێگای شیعرو وێنەوە..... وئایە چێژی بینینی یارەکەی نالی، کەبەوشە وێنە کراوە بەلاتەوە جوانترە، یاخود جوانی وێنەکانی پیکاسۆ کە بە کەرەسە و ڕەنگ بەرجستە کراوە؟ هیچ پێوەندیەک لە نێوان ئەم دوو هونەرە ئەبینی؟لای تۆ کردەی جولاندنی خەیاڵ و سۆز لای کەمیان بەهێزترە؟)

کۆمەڵێک لەم پرسیارە جیاوازانە ئاراستەی ژمارەیەکی زۆری وەرگري کورد کرا، بەڵام ئەوانەی کە وەڵامیاندایەوە ژمارەیەکی کەم بوون، ئێمە لەم تەوەردا لە رێگای ئەو وڵامانەی، کە وەرمانگرت شیکردنەوەکانمان بۆ هونەرو وەرگر بەیارمەتی تیۆرێکی سایکۆبایلۆجي شرۆڤەدەکەین.

هونەرمەندی وێنەکێش (سیزان) لە بارەی چاوەوە گوتویەتی (ئێمە کە دوو چاومان هەیە، واتای ئەوەیە خودی هەمان شت لەهەمان کاتدا بە دوو گۆشەی جیاواز دەبینین ) (١٦)

له سەر هەمان ڕێچکەی (سیزان) پێمان وایە ئەگەر چەندین وەرگر، چەندین (چاو) بڕواننە هەمان بەرهەم تێگەیشتن و بینینی جیاوازمان دەستدەکەوێ. یاخود بۆچوونی هاوشێوەو لێکچوومان دەستدەکەوێ، ئەم جیاوازی ولێکچوونە پێوەندی بەسیتەمی کار کردنی مێشک و چۆنیەتی وەرگرتنی وەرگرەکانەوە هەیە، (پول فیتزp.vitz) مامۆستای دەروونناسی لە زانکۆی (نیۆرک) تیۆریکی گریمانەیی(سایکۆبایۆلۆجی) بۆ چۆنیەتی کار کردن و مامەڵە کردنی مێشک لەگەڵ زانیاریەکان وچۆنیەتی کردنەوەی کۆدەکان داناوە، پوختەی تیۆرەکە بریتییە لە:

(فیتز) مێشکی مرۆڤ لە سەر بنەما فسیۆلوژیەکەی دابەش دەکاتە سەر دوو بەش، لای ڕاست و چەپ، لای ڕاست تایبەتە بەوەرگرتن و مامەڵەکردن لە گەڵ کۆدی ئەنەلۆگی(analogous kod) و لای چەپ پەیوەستە بە کۆدە دیجتالیەکانەوە( digital kode)، لای راست(ئەنەلۆگ) تایبەتە بە ئەو ئەرکانەی کە، پەیوەستن بە کۆد وزانیاریە (پێکهاتەیی، شوێنی، خەیاڵی، خودی، درکی و لێکدانەوەی وێنەکان)ەوە، لای چەپیش(دیجیتاڵ) تایبەتە بە چالاکیەکانی دەربڕین و مامەڵە لەگەڵ زانیاری وکۆدی (زمانی،شیکاری،دەلالی،مێژوویی، زنجیرەی، بابەتی و روون) دەکات، هێمای ئەنەلۆگی لەگەڵە شتە بۆ هێماکراوەکە نزیکە و لێکچوە، بەڵام هێمای دیجاتاڵی لەگەڵ بۆ هێما کراوە کە لێکچوونی کەمترە، لە سیستەمی ئەنلۆگی واتە؛ لای راستی مێشک ئاستی وردیی کەمترە ولێڵی زۆرترە، لە سیستەمی دیجیتاڵی ورد بوون لە لێکدانەوەکان زۆرترە و لێڵی کەمترە (١٧)

له سەر بنەمای تیۆرەکەی (فیتز) وڵامی ئەو پرسیارانەی کە ئاڕاستەی وەرگرەکانمان کرد سەبارەت بە هەردوو بەرهەمەکەی (نالی و پیکاسۆ) و شێوازی کارکردنی سیستەمی لای راست و چەپ(ئەنلۆگ ودیجتاڵ) لە شیکردنەوە و وەرگرتنی کۆدەکان شرۆڤە دەکەین، واتە؛کەرەسەی کارکردنەکە بیرتیە لە وڵامی وەرگرەکان و تیۆرەکەی (فیتز).

یەکێک لە وەرگرەکان (د. ئازاد ئەمین باخەوان) پسپۆڕی زمانی کوردی لە زانکۆی کەرکوک بوو. لە وەڵامی پرسیارمان دەربارەی ئەو دوو بەرهەمە گووتی (نالی روکەشی جوانی دەبینێ و پیکاسۆ عومقی جوانی و ئافرەتی لە چەند گرتەیەکی جیاوازدا وێنە کردوە)(د.ئازاد ئەمین) بەپێی تیۆری (فیتز) بێت، وەرگر ئەو زانیاریانەی کە لە شیعر و تابلۆکاندا وەریگرتووە لەلای چەپ کە سیستەمی دیجتاڵیە شرۆڤەی کردووە، چونکە لەم گوتەیدا وەرگر زانیاریەکان بابەتیانە و سیستەماتیک شیدەکاتەوە وجەختی لە سەر کردنەوەی کۆدی زمانی شیعرەکە وکۆدەکانی تابلۆکە لە رەنگ وهێڵ وگرتەکان کردووە، هەروەها لەدرێژەی شیکردنەوەکەیدا لە بارەی تابلۆکەی پیکاسۆ

چەندین وێنەی ئافرەتی لێکدایەوە لە چەند گۆشەیەکی بینینی جیاوازەوە وتابلۆکانی کەرت کەرت کرد بە پێی گرتەکان واتە؛ وەرگر لەگشتەوە چوو بەرەو بەش،. ئەم وەرگرە یەکێک بوو لەو وەرگرە کەمانەی کەشرۆڤەی هەبوو بۆ هونەری شەشپاڵوخوازی تەکعیبی، ئەوەی کەتێبینیمان کرد (نەستی کۆ)ی کۆمەڵگا رانەهاتووە لە گەڵ ئەم هونەردا، بۆیە ئەوانەی قسەیان هەیە لەسەری و چێژی لێ وەردگرن بە بەراورد کردنی لە گەڵ شیعردا کەمن.

وەرگرێکی دیکە مامۆستای شێوەکاری (م.حسین رەشید)ە، لە وڵامی پرسیارەکاندا گوتی (نالی زیاتر چێژ و بەهای یارەکەی دەبینێ، بەڵام لای پیکاسۆ شێوەی هونەرەکەی لە رەنگ و رێباز بەهادارترە لە جوانی یارەکەی، واتا داهێنانی تازەی رێبازی تەکعیبی لای گرنگتر بوو لە جوانی یارەکەی)(حسێن رەشید) لێرە وەرگر بڕیاری لە سەر سیستەمی کارکردنی مێشکی هەر دوو هونەمەندا، لە لای (نالی) (حەبیبە)وەکوو کۆدێکی ئەنلۆگی لە بەشی لای ڕاستدا مامەڵەی لە گەڵ کراوە، چونکە مامەڵە لە گەڵ وێنەدا دەکات و لای (پیکاسۆ) (یار)ەکانی لە بەشی چەپ و وەکو کۆدێکی دیجتاڵی مامەڵەی لە گەڵ کردوون، چونکە بەپێێ گوتەی وەرگر بێت مامەڵەی (نالی)لەگەڵ بەهایەکی نەبینراوە ئەویش خۆشەویستیە، بەڵام (پیکاسۆ) مامەڵەکەی لەگەڵ ماددەیە وبەها لە خودی هونەرەکە دەبینێ، بێگومان ئەوەی کە دەیڵێن لە بارەی (نالی) یەوە، مەبەستمان لە پاڵنەری داهێنانەکەیە، چونکە دواتر کە (نالی) دێتە ناو سیستەمی زمان  لە هەوڵی  دۆزینەوەی جوانترین دەربڕیندا دەبێت، ئەو کات بەشی چەپی مێشک مامەڵە لەگەڵ زانیاریەکان دەکات. هەروەها لە درێژەی گوتەکانی مامۆستا(حوسین)دا نوسیویەتی  (یاری هەر دووکەسایەتێکە(نالی و پیکاسۆ ) جوانە، بەڵام لەلای نالی وەکو خەیاڵ و ئیشق و دەربڕین و پەردەپۆشکردنی عەیبەکانی جوانتر ئەبینم وتێربون نیە لەخوێندنەوەو دوبارە کردنی وەسفی یارەکەی، بەڵام لای پیکاسۆ ڕاستە رەنگ و کەرەسەی  جوانی بەکار هێناوە،  بەڵام  چێژ تەنها وەکو ڕەنگ ئەبینرێت، وەکو جوانی یار و خۆشەویستەکەی هیچ جوانیەکی تیا بەدی ناکرێت، بۆیە زۆرچێژی نیە)(حوسێن رەشید) ئەم گوتانە بۆمان دەسەلمێنی کە وڵامدانەوی وەرگر لەهەر دوو بەشی لای راست و لای چەپدا کاری لە سەرکراوە، بەڵام بڕیاری کۆتایی لای وەرگر  لە بەشی لای ڕاست ئەنلۆگەوە مامەڵەی لەگەڵ کراوە، چونکە وەرگر لەم بیرکردنەوەیدا هەڵسەنگاندن بۆ چێژ دەکات.چێژیش بابەتێکی خودیە  و بابەتی خودیش تایبەتە بەلای ڕاستی مێشک.

وەرگرێکی دیکە (د.هێمن عومەر خۆشناو ) مامۆستای  ئەدەبی کوردی زانکۆی سۆرانە لە بەراوردکردنی هەر دوو هونەرەکدا، شرۆڤەیەکی زۆر وردو و جوانی بۆ شیعرەکە لە رووی زمان و وێنەی شیعری و بەهاو جوانی شیعرەکە کرد. وەرگر لە

وەڵامدانەوەکەیدا کۆدەکانی شیعرەکەی لە لای چەپ (دیچتاڵ) کردەوەو مامەڵەی لەگەڵ کرد و یەکەم هەنگاو بەشی دیچتاڵ هاویشتی، پاشان لە کۆتا قسەکانی لە بارەی شیعرەکەوە گوتی (لەرووی دەرونیەوە تەماشا بکە شیعرەکە هەمووپاساوە، بەڵام پاساوێکی موقنیعە،رەدفعلێکی بەهێزە کەس تەوقع ناکات کەسێک ئەو پاساوە بۆ خێڵ بێنیتەوە )(هێمن خۆشناو) ، واتە وەرگر لە قۆناغی شیکاریەوە چووە قۆناغی بڕیاری خودی و خەیاڵی و تاکەکەسیەوە، ئەم قۆناغەش تایبەتە بە چالاکیەکانی لای ڕاست(ئەنەلۆگ). هەمان وەرگر لە بارەی تابلۆکانی (پیکاسۆ )وە تەنها گوتی (لەوحەکانی پیکاسۆ وەک ئەوەیە کەسێکی خێڵ ئەوکچە ببینێ لێی ببێتە دوو کەس)(هێمن خۆشناو) واتا لێرەدا وەرگر مامەڵە لەگەڵ چۆنیەتی بینینی وێنەکە دەکات، بەپێی شیکردنەوەی وەڵامدانەوەی وەرگر بێت، دەتوانین بگەین بەو ئەنجامەی خوارەوە:

بەشی لای چەپی مێشک بەپێی کۆگای زانیاریە پێشینەیەکان کار دەکات و پەیوەستە بەزانیاریە کۆکراوەکان، چونکە وەرگر بەپێی پسپۆری خۆی شیکردنەوەیەکی نایابی بۆ کۆدە زمانیەکان کرد، بەڵام وەرگر خۆی گوتی: (من زانیاریەکی ئۆتۆم نیە لەبارەی وێنەکێشان نەوە ) (هێمن خۆشناو)، نەبوونی زانیاری سیستەمی لای چەپ ناخاتەکار، چونکە کۆدەکان تێیدا ناکرێنەوە، بۆیە وەرگر شرۆڤەی بۆ هێڵ و ڕەنگەکان نەکردو وتەنها بۆچونێکی تاکە کەسی لەبارەی وێنەکەی پیکاسۆ خستەروو، کەپەیوەستە بەدیدی ئەو بۆ وێنەکان، لێرەدا ئەتوانین بڵێن ئەگەر سیستەمی کارکردنی لای چەپی مێشک نەیتوانی مامەڵە لەگەڵ زانیاریەکاندا بکات ئەوە لای ڕاست(ئەنەلۆگ) لە هەموو کاتێکدا ئەو توانایەیی هەیە. چونکە کردنەوەی کۆدە ئەنەلۆگیەکان هەمیشە خۆی پەیوەست نەکردووە بە زانیاریە کۆگا کراوەکان، توانای بەشی لای ڕاستی مێشک بە پێی گریمانەکەی (فیتز)بێت لە بۆچوونی خودی و چۆنیەتی بینی وێنەکاندا لە لایەن وەرگرەکانەوە بەرجەستە دەبێت.

وەرگرێکی دیکە کە (سەنگەر قوباد عبدلقادر )ە وپسپۆری شێوەکاریە یەکەم دێری وڵامدانەوەکەی بریتی بوو لە: (کەرستەی پیکاسۆ بۆ دەربڕین بە هێزترە لە کەرستەی نالی )(سەنگەر قوباد) ئەم قسەیە بۆچونکەی سەرەوەمان کەلە لێکدانەوەی قسەکانی وەرگر (د.هێمن )دا پێی گەیشتین پشت ڕاست دەکاتەوە، ئەویش (کارکردنی بەشی چەپ (دیچتاڵ)ی مێشک پەیوەستە بە زانیاریە کۆکراوەکانی پێشوتر)، بۆیە پسپۆری ڕۆڵ دەبینێ لەشێوازی وەڵامدانەوەکان، ئەم وەرگرە (سەنگەر قوباد) بەوردی شیکردنەوەی قوڵ و ئەکادیمی بۆ وێنەکانی پیکاسۆ کرد و لەقسەکانیدی زیاتر بایەخ و سەرنجی پیکاسۆیدا. هەروەها لە بەراوردی بەرهەمەکاندا گوتی: (پیکاسۆ گۆرانکاریەکی سەبجێکتانە دەکات بەئارەزوویی خۆی وێنەکە دەگۆڕێ، نالی ئۆبجکتانەیە خود پەپۆلیزمانەیە و دەیەوێ و ێنەی خۆشەویستەکەی بگۆڕی بۆ فۆرمێ کە لەگەڵ

خواستی هەمووواندا گونجابێت )(سەنگەر قادر)، لێرەدا وەرگر بڕیار دەدات لە چۆنیەتی کارکردنی مێشکی هەر دوو داهێنەر، لەبیرکردنەوەی خۆشیدا زیاتر لایەنی چەپی کاراترە. ئەوەی جێگای سەرنج بوو بۆمان لەگوتەکانی ئەم وەرگردا لە کۆتایی قسەکانیدا گوتی ( لە پۆینتێکدا نالی و پیکاسۆ هاوبەشن لەوەی کە دەیانەوێ واقیع بگۆڕن، گۆڕینی فۆرمی خۆشەویستیەکەیان بۆشێوەیەکی دیکە )(سەنگەر قوباد) ئەم گوتەیە یەک دەگرێتەوە لەگەڵ هەمان بۆچونی پێشوترمان کەلەتەوەری یەکەمدا ئاماژەمان پێکردوە و دەڵێین (نالی و پیکاسۆ یەک وێنەمان بۆ دەکێشن ئەویش وێنەی( ناڕاستی) یە، چونکە نە نالی نە پیکاسۆ واقیعی راستەقینەی یارەکانیان ناگوازنەوە ) لێکچوونی ئەم بۆچوونانە بەهۆی سیستەمی کارکردنی مێشکەوەیە، کەخۆی دووبارە دەکاتەوە بەهۆی لێکچوونی کەرستەکانی بەردەست، هەر ئەوەشە وادەکات کە لە لایەن دوو وەرگری جیاوازەوە هەمان خاڵی هاوەبەش لە نێوان هەر دوو هونەرمەند درک پێ بکەن.

بۆچوونێک هەیە دەڵێ(وێنە کشانەوەیە لە حەقیقەت بۆ ئەوەی کارلێکێکی باشتر رووبدات لە گەڵ وێنەکە دا، بۆیە هەروێنەیەکی سەرکەوتوو دەرنجامی پێوەندیەکی سەرکەتووە لەگەڵ حەقیقەتدا )(١٨) واتە؛ (نالی و پیکاسۆ)پێوەندیەکی سەرکەوتوانەیان لە گەڵ حەقیقەت هەبووە، چونکە ئەو وێنەیەی کە بۆ ئێمەی دەیگوازنەوە واقیع لە جوانترین دۆخەکانیدا بەرجەستە دەکات.

یەکێکی دیکە لە وەرگرەکان (د.ئازاد حمە)ی مامۆستاو شێوەکاربوو، لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکاندا بەشێک لە قسەکانی بریتی بوون لە (تابلۆکەی پیکاسۆ و شیعرەکەی نالی هەردوکیان گرنگی بەناوەرۆک دەدەن، پیکاسۆ دەیەوێ بڵێ مرۆڤ دەبێ یەک رووی هەبێ و هەمووروەکانی وەک یەک بن...... لای من سۆز و خەیاڵ لە لای نالی و پیکاسۆ هەیە و نالی زیاتر دەیوروژێنێ، لای من نالی زۆر عاتیفی ترە لەپیکاسۆ بەحوکمی ئەوەی خەلکی شەرقە و پیکاسۆ خەڵکی غەربە)(د.ئازاد حەمە) ئەم وەرگرە شوێن و دەوروبەر دەکاتە سەنگی مەحەک بۆ بڕیاری کۆتایی واتا سیستەمی لای ڕاست ئەنەلۆگ مامەڵە لەگەڵ زانیاریەکان دەکات، چونکە بۆچونەکانی لەسەر بنەمای زانیاریە خودی، شوێنی،خەیاڵی و پێکهاتەییەکان دەدات. ئەمەش زیاتر پێوەندی بەکاریگەری شیعرەکەوە هەیە، چونکە شیعر سەرەتا وەکو کۆدێکی دیچتاڵ وەردەگیرێ، بەڵام چێژ روو نادات تا ئەو کۆدانە نەگۆڕین و نەگوازرێنەوە بۆ نێو سیستەمی ئەنەلۆگ و دەبێ لە بەشی لای ڕاستدا شیکردنەوە یان بۆ بکرێت.

وەرگرێکی دیکە (قارەمان نجات) بەکلۆریۆس لە ئەدەبی کوردی لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکاندا گوتی: (وێنەکەی پیکاسۆ یاری بینینە جێکردنەوەی دوو روخسارن لە

یەک روخساردا و جۆرێکە لەفێڵ کردن، ئەوەی کە نالی باسی ئەکات ئەوەیە کە ئەڵێت عاشق عەیبی مەعشوقەکەی خۆی نابینێ یان بگرە جوانتر و کامڵتریش ئەیبینێ )(قارەمان نەجات) بۆچوونی ئەم وەرگرە لە بارەی روخساری ئافرەت لەلای پیکاسۆ پێچەوانەی بۆچونەکەی وەرگرەکەی پێشووە،یەکێکیان لەوێنەکەدا دوو روخسار دەبینن ئەوەی دیکەیان دەڵێ (پیکاسۆ دەیەوێ بڵێ مرۆڤ دەبێ یەک رووی هەبێ)(ئازاد حەمە) ئەم جیاوازیە پەیوەستە بە ئەو گۆشەیەی کە هەریەکێک لە وەرگرەکان لێوەی دەڕوانێ، ئەوەی کەدەسەڵاتشی هەیە بەسەر گۆشەی بینیی وەرگرەکاندا پسپۆری و باگراوندی زانیاری و بواری ئەکادیمی و چالاکی بەشەکانی مێشکە لە زووتر وەرگرتنی کۆدەکان وشیکردنەوەیان و لەکۆتایدا دەبێتە هۆی هەبوونی بۆچوونە جیاوازەکان هەر ئەو بۆچوونە جیاوازانەن کە نەمری وروح بە بەرهەمە هونەرییەکان دەبەخشن.

تیۆرەکەی (فێتز) سەرەڕای تێکەڵی و لەهەندێک شوێندا ناروونی تێدایە، بەڵام لەوەدا راستە، کە دوو شێوازی کۆد هەیە بەهۆی ئەوکۆدانەوە دوو شێوازی جیاوازی روانین هەیە بۆ هونەر، مامەڵە کردن لە گەڵ ئەم کۆدانەو کامیان چالاک دەکرێ پەیوەستە بە سەلیقە و تواناو خودی وەرگەکانەوە.

بەگشتی ئەوەی لە ئەنجامی شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی بۆچوونی وەرگرەکانەوە پێی گەیشتین بریتیە لە:

کردەی خەیاڵ کردن لە بەرهەمەکاندا بەهێزە و کاریگەری هەیە، بەڵام ئەوەی لە کۆتایدا کۆنترۆڵی گەیشتنی بەرهەمەکانی دەکات (سۆز)ە، چونکە( سۆز بۆ وێنە وەکوو ئاوی ژیانە، وێنە بەبێ سۆز وەکو لاشەیەکی بێ گیانە و کاریگەری و چالاکیەکانی لە دەستدەدات)(١٩). لە رێگایی وەڵامدانەوەی وەرگرەکانیش ئەوەمان بۆ پشت راست بووەوە، کە سۆز رۆلێکی باڵاتر دەبینێ، بۆیە زۆربەیان جەختیان لەسەر بابەتی سۆزی نێو بەرهەمەکان کردو لە لای ( نالی) سۆزیان باشتر دەبینی، هەستکردنیش بە سۆز پەیوەستە بەکولتورو نەستی کۆی کۆمەڵگەوە و وەرگرەکانی ئێمەش هەموو لە نەتەوەی کوردبوون، بۆیە گرنگ بوو کە دیدی وەرگری کورد لەبارەی وەرگرتنی هونەرە جیاوازەکانەوە لە رێگای ئەم دوو هونەرەوە بەرجەستەکەین، هەروەها لە رێگایی ئەم وەڵامانەوە روونبووەوە کە پسپۆری رۆڵ دەبینێ لەتێگەیشتن، بەڵام ناتوانێ رێگر بێت لە چێژوەرگرتن ( چێژی هونەری )، هەروەها نزیکی روحی هونەرەکان و (بوونی یار لە هەردوو هونەرەکەدا) سەلیقە دەدات بە وەرگرەکان کە لە بەرواوردێکی بەم شێوەیەدا قسە و پەرچەکردارێکی خەیاڵی و سۆزداریشیان لەبارەیەنەوە هەبێت. لە وەرگرتنی هونەردا دیجتاڵ شرۆڤە دەکات یەکە بونیادیەکانی هونەرەکە شیدەکاتەوە

پێوەرەکانی جوانی دەست نیشان دەکات، بەڵام ئەنلۆگ بڕیاردەدات لەمانەوەی بەرهەمەکە لە نەستدا و بڕیار لە خودی جوانی دەدات.

## ئەنجام

١-(نالی و پیکاسۆ ) لە رێگایی هەردوو هونەرەکەوە رێژەییبوونی جوانیمان بۆ دووپاتدەکەنەوە و دەیسەلمێنن کە هونەر واقیع نییە رەنگدانەوەی واقیعە لە فۆڕمی جیاوازدا، (یار)یش لە هەردوو هونەرەکەدا وروژێنەری کردەی داهێنانەکەن و لە وێنەی ئەواندا واقیع بینی (نالی وپیکاسۆ)بەرجەستە بووە.

٢-هەردوو هونەرمەند ( نالی و پیکاسۆ) هەوڵیانداوە (ئێمە)یەک بۆخۆیان دروست بکەن لە ڕێگای هونەرەوە بۆشایی( من )ی تەنهای هونەرمەندی پێ پڕبکەنەوە، لە ئەنجامیشدا نالی و هاوبیرەکانی (نالی) لە ریگایی رەوانبێژیەوە لە جوانی حەبیبە تێدەگەن و (پیکاسۆ) و هاوبیرەکانی پیکاسۆ لە رێگایی هێڵ و شێوە ئەندازیەکان و رەنگەگانەوە لە جوانی تابلۆکان تێدەگەن. هەروەها یەکێک لە خاڵە هاوبەش وسەرنج راکێشەکانی هەردوو هونەرەکە لای (نالی)و(پیکاسۆ) بوونی هارمۆنیایە لە وێناکردنی یاردا، کە چاو وعەقلی وەرگر ئاڕاستە ئەکەن.

٣-( نالی و پیکاسۆ) لە پێشکەشکردنی گۆشەیی بیننی نوێی بۆ شتەکان جیاواز لە بۆ چوونەباوەکانی پێش خۆیان هاوتەریب دەبن، هەروەها حەزی ئەم دوو هونەرمەندە بۆ پیشاندانی دەسەڵاتی هونەری خۆیان و پیشاندانی جوانی هونەر بەرامبەریان دەکات.

٤-لە بەرهەمەکانی (نالی و پیکاسۆ) دا کردەی خەیاڵ کردن بە هێزە، بەڵام ئەوەی لە کۆتاییدا کۆنترۆڵی گەیشتنی بەرهەمەکان دەکات سۆزە، سۆزیش پەیوەستە بە کولتورو نەستی کۆمەڵگاوە.

٥-پسپۆری رۆڵی بینیوە لە تێگەیشتن و شیکردنەوەی بەرهەمەکان، بەڵام ناتوانێ رێگر بێت لە چێژ وەرگرتن لە هونەر جیاوازەکان.

٦-لەوەرگرتنی هونەریدا دیجتاڵ شرۆڤەدەکات یەکە بونیادیەکانی هەونەر شیدەکاتەوە پێوەرەکانی جوانی دەستنیشاندەکات، بەڵام ئەنلۆگی بریار دەدات لە مانەوەی بەرهەمەکە لە نەستدا و بڕیار لە خودی چێژی جوانی دەدات.

## پەراوێزەکان


١-کلود عبید، جمالیه الێور فی جدلیه العلاقه بین الفن التشکیلی والشعر، مجد للنشر، بیروت، ٢٠١١، ص١١

٢-حکمەت مهدی جبار، العنصر الصوري فی الابداع الادبی و الفنی، الحوار المتمدن، ٧-٩-٢٠١٠ لە سایتی: www.M.alhewar.org

٣- صدقی اسماعیل، مطالعات فی الفن التشکیلي العالمي، الهیئة العامة السوریة للکتاب، دمشق، ٢٠١١، ص ٤٢

٤-عبدالکریم مودەریس و فاتح عبدالکریم دیوانی نالی، انتشارات کوردستان، سنه، ل ١٠٨

٥-سەرچاوەی پێشوو،هەمان لاپەڕە.

٦-بڕوانە رفعت العلان لە سایتی alrai.com-article ,مسیون البیاتی، الحوار المتمدن ٢٩-٩-٢٠١٧ لە سایتی M.a lhewar.org

٧- حمید عزیز، سەرەتایەک لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان، کتێب فرۆشی سۆران، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ٨٠

٨-عبدالعالي معزور، فلسفة الصورة، افریقا الشرق، المغرب، ٢٠١٤، ص ٤٥

٩- حکمەت مهدی جبار، مطلع الصورة بین القصیدة و الرسم، صحیفة المثقف، العدد ٤٣٣٧، ٢١-٧-٢٠١٨ لە سایتی

www.almothaqaf.com

١٠- کلود عبید، جمالیه الصورة فی جدلیه...، ص ٧٧

١١- سەرچاوەی پێشوو، ل ٩

١٢- د.شاکر عبدالحمید، التفضیل الجمالي ( دراسه فی سایکلوجیه التذوق الفنی)، عالم المعرفه، کویت، ٢٠٠١، ص٢٧٠

١٣-د.شاكر عبدالحميد، التفضيل الجمالي، ص ٢٧٠

١٤-سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەرە

١٥-نظريات القراءة والتاويل الادبي وقضاياها، د.حسن مصطفى سحلول، منشورات اتحاد كتاب العرب،دمشق،٢٠٠١،ص١٣

١٦-رعد مطر مجيد، دور سيزان فى ارساء قواعد الفن الحديث، مجله بابل للعلوم الانسانيه، المجلد ٢٣، العدد،٣، ٢٠١٥، ص ١٢٧٢

١٧-د.شاكر عبدالحميد، التفضيل الجمالي، ص ٢٠٩-٢١٥

١٨- س.دى اوسى، الصورة الشعرية، ت.د.احمد نصيف و اخرون، دار الرشيد، بغداد، ١٩٨٢، ل ١١٤

١٩-جاستون باشلار، جمالية الصورة، د.شحاذة الامام، التنوير، بيروت، ٢٠١٠، ص ٩٨

## ليستی سەرچاوەكان


### كتێب

١-حميد عزيز، سەرەتايەک لە فەلسەفەی كلاسيكی يۆنان، كتێب فرۆشی سۆران هەولێر ٢٠٠٥.

٢-عبدالكريم مودەريس و فاتح عبدالكريم، ديوان نالی، انتشارات كردستان، سنه .

### كتێبی عەرەبی

٣-جاستون باشلار،جمالية الصورة، د.شحاذة الامام، التنوير، بيروت، ٢٠١٠.

٤-س. دى لويس، الصورة الشعرية، ت.د. احمد نصيف و اخرون، دار الرشيد، بغداد، ١٩٨٢.

٥-شاكر عبدالحميد، التفضيل الجمالي دراسة فى سايكولوجية التذوق الفنى، عالم المعرفة، كويت، ٢٠٠١.

٦-صدقى اسماعيل، مطالعات فى الفن التشكيلى العالمى، الهيئة العامة السورية للكتاب، دمشق، ٢٠١١ .

٧-عبدالعالى معزوز، فلسفة الصورة، افريقا الشرق، المغرب، ٢٠١٤.

٨-كلود عبيد، جمالية الصورة فى جدلية العلاقه بين الفن التشكيلي و الشعر، مجد للنشر، بيروت، ٢٠١١.

٩- نظريات القراءة والتاويل الادبي وقضاياها، د.حسن مصطفى سحلول، منشورات اتحاد كتاب العرب،دمشق،٢٠٠١.

**گۆڤار**

١٠- رعد مطر مجيد، دور سيزان فى ارساء قواعد الفن الحديث، مجلة بابل للعلوم الانسانية، المجلد ٢٣، العدد ٣، ٢٠١٥

**-سایتی الیکترۆنی.**

١١- حكمت مهدى جبار، العنصر الصورى فى الابداع الادبى والفنى، الحوار المتمدن، ٧-٩-٢٠١٠ له سایتی www.M.alhewar.org

١٢- حكمت مهدى جبار، مصطلح الصورة بين القصيدة والرسم / صحيفة المثقف، العدد ٤٣٣٧، ٢٠١٨/٧/٢١ له سایتی www.almothaqaf.com

١٣- رفعت العلان له سایتی alraiو مسيون بياتى الحوار المتمدن ٢٩-٩-٢٠١٧ له سایتی M.ahewan.org

**١٤-وەڵامدانەوەی وەرگرەکان .**

بەرواری وەرگرتنی وەڵامەکان

-ئازادئەمین فرج، ٢٠١٩/٤/٤

-ئازاد حەمە، ٢٠١٩/٤/٥

-حسێن رەشید،٢٠٢٠/٦/٣٠

-سەنگەرقوباد قادر، ٢٠١٩/٥/١٨

-قارەمان نەجات، ٢٠١٧/٥/٧

-هێمن عومەر خۆشناو، ٢٠١٦/٨/١٦

## ملخص البحث

هذا البحث المعنون ب(الحبيبةفي رحاب فني نالي وبيكاسو) دراسة تحليلية نقدية للفن التشكيلي و الشعر عند الشاعر الكردي الكلاسيكي (نالي)و رائد مدرسة الفن الحديث (بيكاسو)وقد اعتمدنا في الدراسة على احد اشعار الشاعر (نالي)والتي كتبها لحبيبته مغازلا و لوحتين من لوحات (بيكاسو)لاثنان من عشيقاته،ينقسم البحث على محورين اساسين، المحور الاول يهتم بدراسة مفهوم(الحبيبة)وانعكاسها على الفنين من خلال تفعيل وتحليل بعض المفاهيم الفلسفية وايجاد صلة التواصل بين الفنين، اما في المحور الثاني فقد اعتمدنا على تحليل استجابات بعض القراء والمتلقين وحسب نظرية (فيتز)السايكوبايلوجية قمنا بمقارنتها و تقيمها لتحديد الالية التي يشفر بها المعطيات الفنية وايضا كيفية فتح هذه الشفرات من قبل المتلقي واهم ماتوصلنا اليه في البحث اختصرت في عدة نقاط اهمها تسلط الضوء على دور العاطفة و التوازن الايقاعى للفنون في التذوق الفني و دور الشفرات التناضرية والرقمية في تحليل المعطيات الفنييةو استقبالهاو اثرها عند المتلقي.



الكلمات المفتحاية للبحث: الشعر، الفن، الجمال، نالي، بيكاسو، فيتز.



## Summary

The beloved in the vision of the Artist and Poet( Nali and Picasso as example) a critical analytical research of fine art and poem. This research uses Nail’s pome which he wrote for his beloved Habibia and two of Picasso’s pictures which he painted for his beloved ones. The research is divided into two main titles. The first one is the beauty of woman as motivation of art in which discussed in some philosophical questions. In the second one depending on the psychobiology ( Fitz ) some of the receiver’s questions has been answered along with analyzing how to unlock digital and analog codes for both arts. the most important opinions about ( beauty of art and the role of passion in the testing art, how the Kurdish receiver takes in art, how to unlock the codes and the activities of the receiver brain) are presented in some points as a result of our research.



The key to this subject: poem, art,beauties, Nali, Picasso,Fitz.





View publication stats